## ناردنی هێزی "پێشمەرگە" بۆ بەشداری لە ئۆبراسیونە تیرۆریستیەکانی بەغدا،
## تاوانێکی گەورەیە دەرحەق بەخەڵکی کوردستان و پێویستە ڕێگای پێنەدرێت!

بەپێی بڕیاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان، دوو لیوای هێزی پێشمەرگە "سوپا"ی کوردستان دەنێردرێتە بەغدا بۆئەوەی بە هاوشانی هێزە تیرۆریستیە ئیسلامیەکانی بەغدا کە ناوی خۆیان ناوە هێزەکانی حکومەت بەشداری بکەن لە ئۆپراسیۆنە تیرۆریستیەکانداو جەنگی تیرۆرستی گەرمتر بکەنەوەو بەم پێیەش خەڵکی کوردستان دەرگیر بکەن لەگەڵ شەڕی تیرۆرستیداو چەند باری تر کینەو رقی قەومی لەنیوان خەڵکی کوردو عەربدا قوڵترو توندتر بکەنەوەو کە بە دڵنیایەوە چەخماخەیەکە بۆ هەڵگیرسانی شەڕی قەومی لەعێراق و کوردستاندا. بەبەشداری ئەم هێزانە نەك کاری توندوتیژیو تیرۆریستی کۆتایی پێنایەت و کەم نابێتەوە بەڵکو ئەوەندەی دیکە گەرمتر دەبێت.

ئەم سیاسەتەی یەکێتیو پارتی لە درێژەی سیاسەتی فاشل و دۆڕاوی خۆیاندایە کە تا ئێستا لە ژێر سایەی سیاسەتی داگیرکاریو فاشلی ئەمەریکادا بردویانەتە  پێشەوەو ئێستاو دوای ڕاپۆرتەکەی بیکەر –هلملتون کە "مایەپوچ" دەریکردن نەك نەبوە مایەی دەرس و تەجروبەیەك بۆ چاو پیاخشانەوەو بیرکردنەوەو گەرانەوە بۆ رەئی خەڵکیی کوردستان بەڵکو لەکاتێکدا کە بۆش و ئیدارەکەی لە پەلەقاژەیەدایە دەیانەوێت بەسیاسەتی کوشندەو دژ بەخەڵکی کوردستان و بەرژەوەندییەکانی پوشی رزگاری بۆ هەڵبدەن. لە پێناو پاراستنی ئەم هەڵومەرجە کۆنەپەرستانەو دژە ئینسانیەو وەرگرتنی بڕیك ملیار دولار و کەڵەکەکردنی سەرمایەکانیان لە بانکەکانی رۆژئاوادا. کە لەم بڕە پارەیەش یەك لەسەر دەی نادریتە ئەو" پێشمەرگ"انەی کە بەشداری دەکەن لەم ئۆپراسیۆنانەدا.

ئەم سیاسەتەی یەکێتیو پارتی بۆ ناردی "هێزی پێشمەرگە" سیاسەتێکە دژ بە ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستانەو هەر لاوەکانی کوردستانن کە دەبنە سوتەمەنی سەیارەی موفەخەخەو عەبوە ناسەفاکانی تیرۆریستان. بیهێننە پێش چاوی خۆتان کە پاصەکان و چەندین ئۆتۆمۆبیلی خەڵکی شارەکانی کوردستان تەنها لە بەر ئەوەی کوردن بکەنەوە بەر دەستریژو تەقانەوەی تۆڵەسەندەوەی ئەو تیرۆریستانەی کە لەلایەن ئەم هێزە تیرۆریستانەوە زەربەیان بەردەکەوێت و تەنها لەبەر ئەوەی کوردن، بیهێنە بەرچاوی خۆتان کە کوردەکانی شاری کەرکوك نەتوانن هاتوچوی ئەوبەری پردی خاسە بکەن، بیهێننە بەرچاوی خۆتان لە ڕێگای ئیران و موصل و دەوروبەری شاری کەرکوکەوە تیرۆریستان دژە بکەنە شارەکانی هەولیرو سلیمانیو دهۆکەوە، بۆ تەقاندنەوەی رقی تیرۆریستی خۆیان. بیهێننە پێش چاوی خۆتان کە لەکردەوەیەکی تیرۆریستیدا پەنجا"پێشمەرگە" دەبنە قوربانی لە پێناو پرکردنی بانکی دەسەلاتدارانی کوردستاندا کە تا ئێستاو پاش 16 ساڵ لە دەسەلاتداری کارەبای بۆ دابین نەکردون و نرخی لیتریك لە سوتەمەنی گەیاندۆتە ئاست نرخی لیترێك سوتەمەنی لە ئەوروپا.

ناردنی هێزی "پێشمەرگە" بۆ بەغداو شارەکانی دیکەی ناوەراست و باشوری عێراق پێویستە ئیدانە بکرێت و ڕیگای لێبگیریت. بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان و بەدیهێنانی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی لەوە دایە کە دوربکەوێتەوە لە دەسەلاتی میلیشیاییو تیرۆریستانەی بەغداو هیزی داگیرکاری ئەمەریکا، بۆخۆیو بەپیێی بڕیارو ئیرادەی خۆی لە ریفراندۆمێکی گشتیو ئازاددا کوردستان جیابکاتەوەو خەبات بکات لە پێناو پێکهێنانی دەوڵەتێکی سکولارو ناقەومیدا کە تیادا بەیەکجاری کوتایی بهێنێت بەکێشەی قەومیو هەلومەرجی نادیاری ئێستاو دەرگا بەڕووی تیرۆرستاندا دابخات.

بۆیە پێویستە خەڵکی کوردستان بەهەر شێوەیەك کە بۆیان دەگونجێت نارەزایەتی خۆیان دەرببڕن و برژینە سەرشەقامەکان و بەر بەم سیاسەتە کوشندەیە بگرن، هەروەك چۆن زیاتر لە 300"پێشمەرگە"ی ئەو دولیوایە کە بریارە بنیردرین بۆ بەرەکانی شەری تیرۆریستان فیراریان کردوەو نارەزایەتی خۆیان نیشان داوە پێویستە خەڵکی کوردستان پالپشتی ئەم نارەزایەتیە بێت.

**ڕێکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2007/1/10